# پۆست سیناریۆی ڕەش ....

## جەمال كۆشش

### سەرەتایەكی كورت بۆ ناساندنی بابەتەكە

ڕەوشێكی نوێی كێشمەكێشی لایەنەكان لەساڵی تازەدا دەركەوتووە لە ناوچەی خۆرهەڵات بەگشتی وعیراق و ئیران بەتایبەتی. هەر چاودێرێكی سیاسی دەتوانێت ئەم دەركەوتەیە دیاریبكات و تەنانەت بەهەندێك ووردبوونەوە میكانیزمەكانی و قۆناخ وپرۆسەكانی وئاراستەكانی هەڵسەنگێنێ. پەیڕەوكەرانی سیاساتی بۆش لەنێو دەوڵەتی ئەمەریكادا, بۆ ئەم ئامانجانەیان نەخشەیەكی تەواو ئیرادەگەریانەیان لەفكردایە :زیادكردنی بڕی تێچووی شەڕ لەعیراق وئەفغانستان بۆ 625 ملیارد دۆلار, ناردنی 21500 سەربازی تر, گۆڕانی كەسایتیە سەرەكیەمەیدانیەكانی بەرەكانی جەنگ و موخابەراتی ودەورەیەكی فشاروچالاك لەسیاسەتی دەرەوەو یوئین دا,((یۆشكا فیشەر ووتەنی دەڵییت سەددام حوسێن نەڕووخاوە)).

نەخشەیەكی تر بۆ دابینكردنی ستراتیژی ئەمەریكا لەعێراق و جێگۆڕكێی گەورەو كاریگەر لەماشێنی دەوڵەتی عێراقی وهێزەكانی خۆی لەعێراقدا... ئەم دەورەیە مەوقعیەتی ئەمەریكای لەئاستی جیهانیدا لەبەرامبەر پرسیاری گەورەدا دادەنێت؟ ئایا بۆ جیهانیان ئەم تاك سالارییەی ئەمەریكا, ئەم كۆنترۆڵە گشتیە تەحەمولدەكرێت؟ ئەم مۆنۆپۆلكردنەی جیهان و جەنگاویكردنەی جیهان و لێدانی بنكەی سەربازی لەهەموو گۆشەو قوژبنێكی ئەمسەرو ئەوسەری دونیا جێگای مەترسی نیە؟ ئایا دەوڵەتانی ئەوروپا و بەو هەموو مێژووە لەدیموكراتیزم و مافی مرۆڤ و ئازادی میدیاوە دەكرێت ببێتە خانەی نهێنی و ڕفاندن و بێسەروشوێن كردنی ئۆپۆزسیۆنەكانی دەوڵەتی ئەمەریكا؟ نیگەرانی لایەنەكانی ئەورپاو ڕووسیا لەكۆنگرەی ئاسایشی جیهانی لەمونیخن لەهەفتەی پێشوودا بەڕووی نوێنەری ئەمەریكادا, دەتوانرێت تەنها بیرخەرەوە بێت.نەك كێشمەكێشی بلۆكەكان.وەك نوێنەری ئەمەریكا ڕایگەیاند((ئێمە وامانزانی دەورانی شەڕی ساردمان تێپەڕاندووە)).

بابەتەكەی من بەكورتی چاودێریكردنی ڕۆڵی ئەمەریكا و هێزەنێوخۆییە لایەنگرەكانێتی لەناوچەی خۆرهەڵات بەگشتی وعێراق وئیران بەتایبەتی كە لەدەورانێكدا كە پێدەنێنە نێو مێژوویەكەوە بۆ دەوڵەتی بۆش تەواو ئیرادەگەریانەی ملهوڕانەیەو دەورەیەكی نوێ ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەستپێدەكات.

ئەم دەورەیە جیهان بۆ ماوەیەكی تر ڕادەپێچێتە نێو ڕووداو كارەساتی گەورەی خوێناوییەوە لەلایەن دەوڵەتی بۆشەوە, ناوچەیەكی فراوان دەبێتە مەیدانی جەنگ و خۆتەقینەوەو پەلاماردان, بوژانەوەیەكی گەورە لە میدیادا ودرۆزنانەو سەرسەرەكی لەكێشە و ژیانی خەڵكی فەلەستین كە ئەركەكەی بەمەحمود عەباسی برای جەلال تاڵەبانی سپێردراوە, دەبێتە پاساوو ڕووپۆشی كارەساتێكی گەروە بۆ خەڵكی ئیران.

دەوڵەتی بۆش هیچ ئیعتبارێك نە بۆ دۆستە ئەورووپاییەكانی نە بۆ دوژمنە كۆنەكانی دەورانی جەنگی سارد دانانێت, مەسەلەی چەكی ئەتۆمی و داڵدەدانی گەورە تیرۆریستان و سەركوتی نەتەوەكان و پێشێلی نۆرمە نێونەتەوەییەكان و پشتیوانی بێدرێغی لە گروپی لیستی تیرۆر و بوونی سەرانی تاوانباری نێونەتەوەیی لەبەرزترین دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی ئیران هەموو ئەم كاراتانە دەتوانن بەپێ بەپێ دۆسیەی بەهانەی شەڕی لەمیدیادا لەگیرفانی ئەمەریكادا قورس

بکەن وە ئاکامەکان بەهەمان خولقانی داستانی شەڕەکانی خەلیج و شەڕەکانی تر لەئەفەریکا, دەبن بە پەلاماری جەنگی و بەرپاکردنی شەڕ.

ڕاستە دونیا لەپاش 11|9|و ڕوخانی تالیبان و داگیرکردنی عێراق, بەرەو نائارامی وپشێوی پالپێوەنراوە و کوشتارو جەنگ لەزۆر گۆشەی جیهان بەردەوامی هەیە, بەلام ئێستا بۆ ئەمەریکا, ڕۆژگاری سەرەتای دووهەزار نیە. بەبۆچوونی من ئێستا جیهان لەکۆنترۆلی ئەمەریکادایە. ئێستا خۆرلەئیمپراتۆریەتی ئەمەریکا ئاوا نابێت. ناونانی ئەم دەورەیە بە پۆست سیناریۆی ڕەش, لەچەند ڕووەوەیە: یەکەم دەورانی سیناریۆی ڕەش لەسەرەتای دەیەی نەوەدەکانەوە جیهانی لەجەنگەلئاسادا وێنەدەکێشا ولەناوەندی نەوەدەکاندا خوێن دەچۆڕا لەبەدەنەکەو تەواوی تابلۆکەی داگرت , ڕووداوەکانی بۆسنەو یۆگسلافیای کۆن هێشتا گەرم بوو, ڕۆلی لایەن و قوتبەکان و هێشتا ڕوونەبوەوە و ە ڕۆلی یوئین و... لەم تراژیدیایە ئینسانیە مەزنە جیهانیە هەبوو. دووەم: لە ئێستادا هۆکاری سەرەکی ئاشکراترو خۆدەرخستوترە وئەوەش ڕاستە هەمیشە سیاساتی ئەمەریکا لەسەر نابودکردنی شارو وولات و شارستانیەت و خوێن ڕشتن و جینۆساید و سەرکەوتووبووە , ئەوەی لەم نێوەدا لەپلە وپایەی جیهانی سیاساتی ئەمەریکیدا جێگایەکی مەحکەمتری وەرگرتووە بەتایبەت لەمەسەلەی شەڕ لەگەل تیرۆر و دەولەتانی تەوەری شەڕونزیکی ئەمەریکایە لەهەژموونی بەسەر تەواوی ناوچەی خۆرهەلات بەمانای تەواوی پرۆسە سیاسی وئابوورییە نێوخۆییەکانی دەولەت وئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی ناوچەکەو ئەمەش بەبۆچوونی من مەنتقی پێشکەوتنی بابەتەکەی هاوڕێ مەنسوری حیکمەتەو ئەمڕۆ بۆ واقعیاتی ژیانی ملیۆنان کەس ئەگەر نەلێم ملیاردها کەس چارەنووسیان دیاری دەکات . سێیەم: ئەو کەرەستە شیکاری و ئامرازە لێکۆلینەوە تیۆری ومەعریفیانەی بەکارهاتوون بۆ ئەم دەورەیە ناتوانێت بچێتە سۆراخی قۆناخێکی ترەوە کە پراتیکی شۆڕشگێرانە ڕۆشنبکاتەوە.لەو بارەوە من بەکارهێنانی پۆست سیناریۆی ڕەش بەدروستترو بە مەقولەیەکی زیندووتری تێدەگەم و ئەوەش حالێم کە ئەم مەقولەیە لەشوێنی ترەوە هاتووە و مەبەستی تری هەیە لای بیریارانی و فەیلەسوفانی و کۆمۆنیستەکان و دەزگاو قوتابخانەی فکری کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆپارێزی لەبەکارهێنانی دەکەن, بەلام بەگشتی مەقولەیەکی سیاسی نیە تەعبیر ناکات لەبزووتنەوەی کۆمەلایەتی وەک دیموکراسی و پەرلەمان و کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم ولەو بابەتانەیە کە وەک سکۆلاریزم کە ئێمەش دەتوانین بیگونجێنین یان شەقلی فکری خومانی پێبدەین. لێرەشدا مەقولەیەکی ئەبستمۆلۆژیی ومێژوویيە کە پۆست سیناریۆی ڕەش یانی تێپەڕین لە قۆناخی سیناریۆی ڕەش و دەیەیەکی تەمەنمان لەگەلی بەسەر برد . بەبۆچوونی من تازەترین بڕیارو پەسەند کراوەکانی پلنیۆمی نۆزدەیەمینی مانگی 2ی 2007 حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و باسەکەی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد دەربارەی هەلسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی عێراق و ئەرکەکان و تەنانەت بابەت و پرۆژەکانی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیش مانەوەن لە نێو دەورانی سیناریۆی ڕەش دا. مەسەلەکەش هێندە ترسناکە بەبۆچوونی وەک ئەوە وایە کە ئێمە لەجیهانی دوو قوتبی دا لێکدانەوەکانمان بکەین,تایبەتی تر لەزیانی ئەم لێکدانەوەیە و نموونەیەکی زیندووتر و بەشێکی زۆرمان لەگەلێدا بووین, هەلسەنگاندنی ڕووداوی 31ی ئاب بوو کە نزیک بەتەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بەشێک لەهاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیرانی لەگەل شەکەتی ومەشەقەتێکی بێهودە ڕووبەڕووکرد.

بەشی یەکەم

## دۆسیەی عێراق..... کۆتایی هاتنی پرۆسەی دامەزراندنی ماشێنی دەوڵەتی عیراقی

فایلی عێراق, گۆرانێکی گەورەی بەسەر داهاتووە لەستراتیژی ئەمەریکیدا, ئەوەش دامەزراندنی دەوڵەتێکە کە بتوانێ لەرۆژگاری قەیران و جەنگ و شەرەکاندا هەڵبکات و نەکەوێت. بتوانێ سەرکوت بکات, بکوژێت وئیعدام بکات, بتوانێ لەبەرامبەر جەنگی نێوخۆیی راوەستاو بمێنێتەوە. بۆرژوازی لەعێراقدا پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی لەعێراق تەواو کردووە. خەڵکی عیراق نابێت لەوە زیاتر هیچ چاوەنوارییەکان نەلەئەمەریکا ونە لەحکومەتی مالکی و خەڵکی کوردستانیش نە لەخکومەتی هەرێم هەبێت, لەباشتر کردنی بژێوییان, لەدیموکراسی, لەمافی ئینسان و .....هتددەوڵەتی مالکی ئەم رۆڵەی بەباشترین ستایلی ئەمەریکی بۆ دەوڵەتە_کۆنترۆڵکراوەکان راپەراندووە. کارێکتەیکی تری دەوڵەتی مالکی خۆگونجاندنێتی لەگەڵ رووداو کاریگەرییەکانی, لەرووداوی لەسێدارەدانی سەدام و پرۆسەی دواتر, پەیتا پەیتا دەرکردنی حوکمی ئیعدام و تەواو کردنی نەخشەو پلانە سەربازییەکانی تر, رووداوی لەنێوبردنی جەیشی سەما وخۆراگری لەبەرامبەر کردەوە خۆتەقینەوە گەورەکاندا, هەڵوشینی ژنەراڵاتی جۆراجۆری سەربازی و موخابەراتی کە هەناسەی ئەو جۆرە دەوڵەتەن....ئەم توانایە بۆ خۆگونجاندنی خێراو وەڵامدانەوەی کوتوپر بەپێشهاتەکان,مالکی کرۆتە جێگا ئیعتمادی ئەمەریکا و لەئایندەشدا رۆڵێکی گرنگترو ستراتیژیتری پێرەوا دەبینرێ وپێدەدرێ لەم کارەی.

دەوڵەتی ئەمەریکا هێشتا ئاستەنگی ماوە لە عێراقدا بۆ جێگیرکردنی مەرام و ئامانج و سیاسیاتی خۆی, بەڵام بەبۆچوونی من ئەمەریکا لەو دیو ئاستەنگەکانەوە تەماشای دواوە دەکات. ئەو بەنیاز نیە زیاترخۆی بگلێنێتە نێو شەرەکان و لەواقعیشدا ئێستا کێشمەکێشی خوێناوی لەنێو خۆی لایەنە عێراقیەکانەو زیادم نەووتوە ئەگەر بڵێم ئەمەریکا رۆڵی نێوبژیوان دەگێرێ لەزۆر شەروکوشتاردا. ئەرکەکانی سوپای ئەمەریکا ئیدی رۆژگاری قورسیان تێپەراندووە و ئەو ئیدی دەست وەرناداتە نێو کاروباری شارەوانیەکان وجێبەجێکردنی فلانە بەند وپابەندی لایەنەکان پێی.

ئەو کارەی بۆ حکومەتی مالکی جێهێشتووەو دەوڵەتی مالکیش شێوازێک بۆ تێهەڵچوونانە لەسەر بەش وکورسی لەدەسەڵات بەهەرچەند قەهراوی وخوێناوی بێت پەیدادەکات. ئەوەی ئێستا لەعێراق بەگشتی روودەدا و پێدەچێت ماوەی یەکدوو ساڵی تریش بخایەنێت, شەرێکی ئیبادی تائیفی و مەزهەبیە بەنوێترین تەکنەلۆجیای کوشتن و شەر. ئەو لایەنانەی ئەم مۆرکەیان بەشەرکە داوە لەدەوڵەتی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتووی عێراقیشدا بەشدارن و سەرۆکایەتیشان بەدەستەوەیە. ئیدی رۆشنە ئەم کێبرکێ خوێناوییە لەسەر جۆری دەوڵەت نیە, لەسەر چەندایەتی بەش وبر ووەزارەتە. لەسەر سامانە بەماددی و رەمزییەوە. ئەمەریکا هەمیشە پشتی فراکسیۆنی مالکی دەگرێت لەبەرامبەر رەقیبەکاندا, ئەو ئیعتمادێکی گەورەی بە هێزی دەوڵەتی مالکی هەیە بۆ نەرووخان ومانەوە و توانای خۆراگری. دابینکردنی ئاسایش و نان و ماف وخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان, لەشەوکەتی ئەمجۆرە حکومەتانە ناوەشێتەوە و بەدینایەن. مەسەلەکەش تەنها کردەوە تیرۆریستیەکان و بەرەنگاری بەرهەڵستکاران نیە بەتەنها,بەرنامەیەکی دوورو نزیک نیە و نیەتێکی ئاوەهاشی نیە و لەگەڵ هەبوونی ئەودا ناکۆکە, ئەو دەتوانێت ملیاردها دۆلار سەرف بکات بۆ پاراستنی قایمی ناوچەی سەوز و ملیاردها دۆلار سەرفبکات بۆ لەشکری پیشەیی و باندی دەوڵەتی, مانگانەی خەیاڵی بۆ وەزیرو گزیرەکانی

ببڕێتەوە,هەر لەنێو خۆیانداو لەتەنیشت دەستی مالکی ملیاردها دۆلار بدزرێ, بەلام سیاسەتی بەرزکردنەوەی نرخ و سووتەمەنی وپەیڕەوکردنی سیاباتی بانکی نێودەولەتی لە گۆرانی کەرتی تایبەت و فشار لەسەرداگرتنی هەقدەستی چینی کرێکار....بەردەوامی هەیە. دەولەتی ئەمەریکی خۆی پەنا وەبەرکەمکردنەوەی بودجەی بێبەشترین توێژی کۆمەلگا دەبات یانی پیرو بەسالاچوان ولەسەر بودجەی نەخۆش وباری تەندروستی کۆمەلگای ئەمەریکا,بۆ پەیداکردنی زەخیرەی جەنگەکانی, ئیدی چی لەدەولەتی مالکی چاوەڕوان دەکرێت بۆ بوارە خزمەتگوزارییەکان.

لەبەشی دووەمدا کە تایبەتە بەدۆسیەی ئیران دێمە سەر ڕۆلی دەولەتی عێراق, بەلام ئەو خزمەتەی دەولەتی مالکی دەیکات بۆ سەرۆک بۆش جێگایەکی زۆر تایبەتی هەیە. لەستراتیژی نوێی دەولەتی ئەمەریکادا, هێزە نێوخۆییەکانی عێراق, بەتیرۆریست و نیوە تیرۆریست و جەنگاوەرانی ڕێگای دیموکراسیەوە, هەموویان هاولاتی عێراقین و کێشەیان لەگەلێ یەکدی هەیە و ڕیکدەکەون یان نا ئەو کێشەی خۆیانە وخەتایەک هەیان بێت هەر خۆیانە بەئەلمانی ووشەیەکی هەمە رۆژە هەیە سێلبەرشولد. ئێمە عیراقیەکان, ناتوانین ئەمەریکیەکان وەک سەرچاوەی شەڕو مالوێرانی و نەگبەتی وکوشتار دیاریبکەین, چونکە ئەوە ئێمە تائیفەو مەزهەب ونەتەوە جۆراجۆرەکانین و پێکداهەلدەشاخین و یەکترقڕدەکەین وئەمەش پاش یەکدووسالێ تر کە کۆمەلگاکەمان پێکهات لەکۆمەلێک پێکهاتوو لە سەقەتی جەنگی و منالانی بێکەس وکارو ژەنەرالێ مرێ جەنگ و ئەوسا بەپۆلمیکی دیموکراتی دێین هەر لایەنێکمان برێ خواستەکانمان وەردەگرین و بێتاقەت و بێهیوا, لەگۆشەیەکی شار کە تازە بلدۆزەرەکان خەریکن بەردەم مالەبێناونیشانەکانمان ڕێکدەخەن, دەگەڕێینەوە. دەگەڕێینەوە وبیر لەقەرزەکانی بانکی جیهانی خەونەکانمانیش داگیر دەکات.

دەولەتی مالکی ئێستا لەسەر ئەستۆی ژەنەڕالاتەکانی خۆی ڕاوەستاوە پتر لەهێزەکانی مایترەرو پشتیوانی سەربازی ئەمەریکی. دەولەتی عێراق دەتوانێت ناشەرعی بێت, ناقانوونی بێت, لەدەرەوەی پەرلەمان بێت, دادگا و قەزاییەکانی سەربەحکومەت بن و هیچ شەرم نەکات وناشیکات, بەلام هەر دەمێنێتەوەو چونکە خۆی شەرعیەتی نیە.خۆی لەشەڕەوە بەرهەمهاتووەو ئەنجامی پرۆسەیەکی سەپێنراوە. دەولەتی عێراقی هەڕەشەی لەنێوچوونی لەلایەن بەعسیەکان و جنودە ئاسمانی وشەیتانیەکانی قاعیدەشەوە تەواوکردووە. شانسی دەستگرتنە دەسەلاتی سیاسی بەعسیەکان و قاعیدەو جنودەکانی یەکجار کزبووە تەنانەت لەناوچەیەکی بچووکی وەک فەللوجەشدا. ئاکامی شکستی قاعیدە وسەدامیەکان, بەهێزی دەولەتی مالکی و گورزی سەربازی ئەمەریکی و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی کێومالێ هاوبەشیان نیە. بەلکە ئەوان لەباری سەربازییەوە لەحکومەتی دووەم دەچن و کردەوەی گەورە ئەنجامدەدەن, بەلکە ئەوان نوقسانیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو تاقمانە, بوونیانە وەک بوونەوەری تیرۆریست و هەڕەشەی لەنێوبردنی گشتی. تەنها مانەوەی ئەم باندە ئینسان کوژانە, گەورەیی قەبارەی زیانەکانیانە لەژیان و لەبوون. یانی خۆیان لاشە مردووەکانن و پەتای مەرگ بە فراوانی بلاودەکەنەوە.

بۆ ئەوەی دەولەتی مالکی ڕابکێشرێتە خوارەوە, بزووتنەوەیەکی تر پێویستە بەڕوویدا بەرزبکرێتەوە, بزووتنەوەی جەماوەری و مەدەنی و سیاسی وچەکداری.پەرچەمدار بەخواستی ڕووخاندنی دەولەتی کۆنەپەرستی تایفی و مەزهەبی و دەولەتی بێمافی و سەرکوت , ئاڕاستەکراو بەنەخشەو پلان و پرۆسەیەکی دیاریکراو.

کێشەی عێراق, هەموو دەوڵەتە دراوسێیەکان و هێزە ناوچەییەکان تیا کاریگەرییان هەیە و مەیدانی جەنگ و مەودای پاوانخوازییانە. هەرلە سعودیە بەهەر دوو لایەنەکەوە یانی دەوڵەت و قاعیدەوە, تورکیاو ئیران و سوریا و جیهان, بەبۆچوونی من خەڵکی پێشکەوتنخوازو کۆمۆنیستەکانی ئەم ناوچەیەش چەند ئەرکێکی گرنگی هاوبەشیان هەیە کە لانی کەم بتوانێ دەستی دەوڵەتانیان ببەستێ لە ئاڵۆزنەکردنی عێراق تاکە دەروازەیەکە کە ئیمکانی کرانەوەی هەیە.

حکومەتی مالکی,حکومەتی ئیئتلافی لایەنە عێراقیە دواکەتووەکان نیە, کە لە ماتریاڵە پێکهاتووەکەیدا وادەردەکەوێت, حکومەتی دزی گەورە, ژەنەڕاڵی سەربازی تاوانباری جەنگ, لیستی جۆراوجۆری ئەحزاب وکەسایەتیە مەزهەبی تائیفی و نەتەوەجیاوازەکانیش نیە. ئەمانە تەنها ڕووکاری دەرەوەی دیاردەی حکومەتی مالکین. حکومەتی مالکی هۆکارە بۆ غایەیەک و هیچی دی نا. پرۆسەی شکڵگرتنی حکومەتی مالکی, پرۆسەیەکی سەد دەر سەد ئەمەریکی بوو, وە بۆ ئامانجە دوورو نزیکەکانی ئەمەریکاش لەکاردایە. ئەمەریکا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لەهێنانەکایەوەی ئەم دیاردەیە, ڕۆڵی خەلیلزادەو تاڵەبانی و جەعفەری لەم تێکەولێکەیەدا بازرگانە گەورەکان بوون. غایەیەی ئەمەریکا لە حکومەتی مالکی مۆتۆڕی هەڵسوڕاندنی کێشەی نێوخۆییەکانی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆردا وەک ڕاهاتن بۆ ژیان بەئاراستەی دابینکردنی بازاڕی ئازاد و ململانێیی هێزە بچووکەکان و ملهوڕی گەورەکان.

دەربارەی هەلومەرجی کوردستان, جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی هەیە لەمێژوویەکی کورتدا. گەڕانەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی تێپەڕاندووە و چوونی هێزی سەربازی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا, جددیەتێکی هەبێت, نەک لەپلانی دابین کردنی ئاسایشی عێراقدایە, بەڵکە لەهەژموونی نەخشەو سیاساتەکانی ئەمەریکا دایە لەعێراق. حکومەتی ئەمەریکا لەهەموو پرۆسەیەکی وورد و درشتی جێگیرکردنی پێی بارزانی و تاڵەبانی لەنێو شەترەنجی عێراقدا قایمدەکات و پەیوەندییان بەکێشەی کوردەوە نیە. کێشەی کورد لە نێو تێکەولێکەی پرۆسەی دەوڵەتی عێراقدا چارەسەر دەکرێت و لەمنێوەدا ئیدی دەوڵەتی مالکی بەهاوکاری حکومەتی هەرێم, خودموختارییەکی فراوان دەدەن بەکوردەکان. هەرچەند هەلومەرجی سیاسی و ئابووری کوردستان بەرەو ڕەوەندێکی تر هەنگاودەنێت و کوردستان لەلایەن میلیشیای حکومەتی هەرێمەوە داگیرکراوە,بەڵام هەموو پرۆسەی مان و ژیانی خەڵکی کوردستان هێشتا لەچنگی ئەمەریکادایە. ڕەوەندێکی سیاسی و ئابووری کە لە کوردستان بەڕێوەیە,شکڵگرتنی توێژێکی نوێی بۆرژوازی کوردی کە هاوڕێ نادر عەبدولحەمید بە ئۆلگاریشی مالی نێوبرد و جێگاوڕێگای لەنێو دەسەڵاتی کوردیدا و دابینکردنی بازاڕی ئازاد و مۆنۆپۆلکردنی بازاڕ لەلایەن بانکەکانەوەو دووری و دابڕانی دەسەڵات لە خەڵک ودەرکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایی خەڵک و لەمنێوەدا پەیتا پەیتا ئیسلامی سیاسی خۆی بەوێنەی هێزێکی نیوە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات و سازسگار لەگەڵ بازاڕی ئازاد و هێزگری چینە نەدارو حاجیە تازە و دەوڵەمەندە ئۆلگاریشە مالیەکەش.ئەم فەسادە هەمەلایەنەی دەسەڵاتی کوردی و ئەم چۆکلەرزییەی ناسیۆناسینالیستی کوردی لەبەرامبەر ئەمەریکادا, هەلێکی زێڕینیان بۆ پەیدابوە کە مانۆڕی سیاسی تیا بکەن.مەسەلەی دەستوورو چاوپێکەوتنەکانی ئەم دواییانەی عەلی باپیر وکێشمەکێش لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب و....هتد نیشانەی دەورەیەکی ترە لەبەخۆدا هاتنەوەیەکی تر لەمێژووی تازەدا وخۆگونجاندنیەتی لەگەڵ ڕەوتێک کە دژە تەوژمیان نامێنێ یان یەکجار کزدەبێت.

ئیسلامیه سیاسیەکانی کوردستان, به هەموو باڵ ولایەنەکانیەوە, نایەڵن هیچ دەرفەتێکیان لەکیس بچێت, ئەوان تەواو وەک ئەو کەسەی که لەترسان هەڵبێت, تەواوی ئینیرژی فیزیکی وفکرییان خستۆته هەڵاتنەکەیانەوە. ئەوان چی دی دژه تەوژم نین و هەڵدەکەن لەگەڵ پرۆژه سەراسەرییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمیش بۆ ئەم هەڵویستەیان چەند دانه کورسیان لەپەرلەمان و لەبودجەی دەوڵەت و لەوەزارەتەکان پێدەدات و ئەمەش تا ئێستاش هەر بەئاگاداری و هەر به ڕەزامەندی ئەمەریکا دەبێت. دەوڵەتی مالکی زۆر سەربەخۆتره لەحکومەتی هەرێم لەزۆر بارەوە,حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆ وبێهۆ هەر ترسی لەگیان دەرناچێت. ئەو لەکارەسات ولەدەستچوونی ئەزموونەکەی و لەدەسەڵاتەکەی زۆر دەترسێـت. ئەو لەهیچ شت دڵنیانیه. ئێمه هەموومان ڕقی ئەستووری دەسەڵاتی کوردیمان لەخەڵک بینی.ئەو تەنها چۆک بۆ داخوازی زۆر سەرەتایی ومافه سروشتی و بنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستان دا نادات.

بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەری چینی کرێکارو نارەزایەتی خەڵک پێویستی بەیەکانگیرییەکی ناوچەیی هەیه, ناوەندێکی سیاسی مونسەجیم و ڕاوەستاو و پەلوپۆفراوانی کۆمەڵایەتی هەیه.بەتایبەت له هەر سێ وڵاتی عیراق و ئیران و تورکیا چەپ و کۆمۆنیزم دەتوانن و پێویسته سەرەتایەکی نوێ وبەیەکەوه دەست بدەنێ. نەقشی کۆنگرەی ئازادی عیراق وەک بەرەی ڕزگاری کۆمەڵگای عیراق لەوبارەوه چارەنووس سازه. لێرەدا ناکرێت له بارەی تاقیکردنەوەی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی کۆنگره هەڵسەنگاندن بکەین. لەبارەی کارێک که پێویسته ئەنجامبدرێ و ئەو نەبەردانەی که کۆنگره دەکاته هێزی ئاواتی ڕزگاری ملیۆنان لەبەشی سێیەمدا بەدرێژی پێویست سەرنجەکانی خۆم دەدەم.

بەشی دووەم : فایلی ئێران....